لەیادی نەمراندا

# مەلا محەمەدی عەلیاوەیی

رؤوف محمد صالح

. . . . لەم دوایی‌یەدا دەستی مەرگ گەیشتە زانایەکی ئایینی بە ناوبانگ‌و قسە خۆش کە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٢٠دا لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر بە هۆی نەخۆشیەکی کت‌و پڕەوە کۆچی دوایی کرد.

ئەم زاتە ناوی مامۆستا مەلا محەمەدی عەلیاوەیی‌یەو، لە ساڵی ١٩١٩دا لە گوندی گرد عازەبانی سەر بە ناوچەی قوشتەپە چاوی بە ژیانی پڕ لە ئێش و ئازاری نەتەوەکەیدا هەڵهێنا مەلا محەمەد سەر بە تیرەی سنجاوی‌یەو لە بنە ماڵەیەکی ئیانداری کوردی هەژارەو بە جوتیاری‌و کشت‌و کاڵی ژیاون وە بەرەگەزو بنە ماڵە ئەگەڕێنەوە سەر دێی عەلیاوە بۆیە هەر بە مەلاٌ محەمەدی عەلیاوەیی ناسرابوو.

خوالێخۆش‌بوو لە شەش سالیدا نراوەتە بەر خوێندن، لە حوجرەو لە گوندی عەلیاوە لەلای مامۆستای ناودار مەلا حەمەد ئەمینی کاڕەشی قورئانی پیرۆزی خوێندووە.

دوای ماوەیەك خوالێخۆشبوو لەبەر دەست‌کورتی‌و بێ‌دەرامەتی وازی لە خوێندن هێناوەو وەك هەموو زەحمەت کێشێکی ئەم کوردستانە ڕووی کردۆتە کارو فەرمانی جوتیاری‌و سەپانی، لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبوونەو ئارەق ڕشتنە، هەر ئارەزوومەندی خوێندن‌بووە، بۆیە دوای ئەوەی کە تەمەنی دەگاتە «١٥» ساڵ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئارەزووی خوێندنی زیاتر دەبێ، تا ڕۆژێ لە دروێنەکردن دەبێت بیری خوێندن زاڵ ئەبێ‌و وای لێ ئەکات کە ڕابکات بێ‌ئاگاداری ماڵەوەیان بۆ گوندی «شیوەبیران»ی سەر بە ناوچەی شارە جوانەکەی حاجی قادری کۆیی. لەوێ ئەچێتە لای فەقێ کەریم قادری برادەری، کە ئەویش خەڵکی گوندی عەلیاوە دەبێ‌و لەلای مەلای گوندەکە مامۆستا مەلا ئەحمەدی خەلیفە بووەو دەست ئەکات بە خوێندنی کتێبی (عەواملی جورجانی). ئینجا ئیتر دەستی کرد بە خوێندن‌و لای چەندەها مامۆستای بەناوبانگ‌و ناودار دەرسی خوێندووە. نمونەیان ئەم زانایانەن: «مامۆستا مەلا حسێنی موفەسر، شاعیری بیر ناسك‌و زانا مامۆستا مەلا خەلیل سنجاوی «موخلص»، مەلا شریف زادە، وە مەلا ئەحمەدی ڕەش، مەلا معصومی مەلا خدر هەورامی، مەلا صادق دایە خەجێ، مەلا محەمەدی شێروانی، مەلا اسماعیلی دیگەو، مەلا عبدالکریم‌و مەلا ئەسعەدی خەیلانی‌و، مەلا عومەری چێلە بەشەیی‌و، گەلێ زانای ناوداری تر لە کوردستاندا.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەگەڵ خوێندندا کاری دروێنەو جووتی هەر کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ یارمەتی ماڵی باوکی بدات لەبەر دەست کورتی‌و هەژاریان. خوالێ خۆش‌بوو (١٦) ساڵی بێ ووچانی خوێند هەتا بە ئامانجی خۆی گەیشت‌و لە ١٩٤٩/١٠/١٧دا ئیجازەی مەلایەتی لە شارە جوانە خنجیلانەکەی کوردستان شاری پاشای گەورە (ڕەواندوز) لای مامۆستای زانای ئایینی بە ناوبانگ مامۆستا عبدالکریم مەلا ئەسعەدی خەیلانی وەرگرت دوای ئیجازە وەرگرتنی، دەستی کردووە بە مەلایەتی لە گوندەکانی کوردستانداو لە گوندی پەنجا عەلی سەر بە شاری کەرکوك‌و گرد عازەبان‌و گردە قوشنەی سەر بە ناوچەی قەراج‌و هەمیشە ئەو مزگەوتانەی ئەو مەلایەتی تیا کردوە بوونەتە قوتابخانەو چەندەها فەقێ دەرسیان تێدا خوێندووە.



لەبەر دەست کورتی و بێ دەرامەتی لە ساڵی (١٩٦٠) بووەتە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و دەرسی ئایینی و ڕێزمانی کوردی و عەرەبی ووتۆتەوە لە زۆربەی گوندەکانی پارێزگاری هەولێری دێرین . لە گەڵ ئەوەشدا هەر بەردەوام دەرسی ئایینی بە فەقێیەکان ووتۆتەوە لە مزگەوتەکاندا . لە پاش (٢٠) ساڵ هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانەو ڕۆڵەی ئەم میللەتەی پێگەیاندن لە ساڵی «١٩٨٠»دا خانەنشین «تەقاویت» بووە ، دوای ئەوەش هەرگیز کاتی تەمەنی خۆی بە فیڕۆ نەداوەو هەر خەریك بووە بە خزمەتکردنی ئایینی پاکی ئیسلام و نەتەوەکەی و چەندەها نووسین دوای خۆی بەجێ هیشتووە خوالێخۆشبو بە درێژایی ژیانی دڵی کەسی نەرەنجاندوە ، هەمیشە خۆشەویست بووە پێکەنین سەرزاری بەرنەداوە .

نەرم و نیان و دەروون فراوان بووە . مەجلیسی خۆش بووە . هەر کۆڕو مەجلیسێك ئەوی تێدا بوایە ، ئەوا هەردەم بە قسەی خۆش و نوکتەو قسەی نەستەق تەواو ئەبوو . دوور بوو لە باس و بوختان کردنی خەڵکی . . لە ڕیزی خەڵکیدا خۆشەویست بوو .

خوالێخۆشبوو وەك زانای بە ناوبانگ مامۆستای کوچ کردوو (عەلاءدین سجادی) دەفتەری قسەی خوش و کەلەپووری ئەوبوارەی نەتەوەکەمان بووە . لەم ڕووەوە دەسنووسێکی لە ژێر ناوی (بەسەرهاتی ڕۆژانەی کوردەواریدا) لە (٨) بەرگدا بەجێ هیشتووە . زۆربەی ژیانی لە ناو کتێب و کتێبخانە بە سەر بردووەو لە دوای خۆی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی بەجێ هێشتووە . لە بواری شیعریشدا دوانەکەوتوە و دیوانێکی شیعری دەست نووسیشی بەجێ هێشتووە . نووسینەکانی خوالێخۆشبوو ئەمانەن کە نووسینی وای تێدایە (٤٠) ساڵ زیاتر خەریکی بووە . هیواداریین بە چاپ بگەیەنرێن و کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکەنەوە . ئەمەش نموونەی نوسراوەکانیەتی :-

١ – ساڵ نامەو فۆلکلۆری کوردی (٢) بەرگە .
٢ – بەسەرهاتی ڕۆژانەی کوردەواری (٨) بەرگە .
٣ – دیوانی شیعر
٤ – حەج نامەی کوردی
٥ – فەقێیاتی لە کوردستاندا .
٦ – بەسەرهاتی ژیانی خۆی (مذکرات) .
٧ – کۆکردنەوەو ڕێکخستنی غەزەواتی رأس الغول بەهەنەسا .
٨ – مصباح الظلام للحجاج الكرام (٢) بەرگە بە عەرەبی
٩ – مصباح الطالب في جميع المطالب في علم النحو «عەرەبی»
١٠ – کۆمەڵێك ووتاری ڕۆژانەی هەینی بە عەرەبی و کوردی .
١١ – فتاوى العلياوي في الشريعة السماوي (٢) بەرگە بە عەرەبی .
١٢ – وريقات محمد بن علي العلياوي على تعليقات القزلجي على تصريف الأشنوى ملا علي .

هەزار سەڵاو لە گیانی پاکی مامۆستای کۆچ کردوو خوالێخۆشبوو مەلا محەممەدی عەلیاوەیی .